www.kurdistannet.org
8-7-2006 2:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کی بەفریای ئەم دوو منداڵە دەکەویت.... رزگار کۆچەر



لە یەکی لە گەرەکە کۆنەکانی ناو شاری هەولێر بە تایبەتی لە نێو گەرەکی عارەبان لە خانوێکی شرو دا تەپیو دا کاک عەباس و سەمیرە خان لە گەل هەردوو کۆرپەکەیان ساراو بوشرا ژیانێکی کۆلە مەرگی بەسەر دەبەن.... پاش تێپەربوون بە کوجەو کۆلانەکانی ئەم گەرەکە هەر لە دوو را سیمای نائومێدی و خەم باری کیژۆلەیەکی پێنج ساڵە سەرنجت رادەکێشیت کە بە بەردەوام هەر دوو دەستی خستۆتە بن گەردەنی و سەیری مندالانی گەرەک دەکات کە بە کەیفی خۆیان رادەکەن و هەلدەپەرن... سارای تەمەن پێنج ساڵیش لە بەر قەڵەویی ناتوانێت وەک ئەوان بکات....
تا لیی نزیک نەبیتەوە نازانیت ئەم کیژۆڵەیە چەندە ئازاری هەیە و تەنها تەمەنیشی پێنج ساڵە!!!! سار عەباسی تەمەن پێنج ساڵە کێشی خۆی لە زیاتر لە 70 کیلۆ دەدات و چاوەریی زیاد بوونیشی لێدەکرێت وەک باوک دایکی سارا دەڵێن.... بێجگە لە سارا کجێکی تریشمان هەیە ناوی بوشرایە ئەو تەمەنی تەنها دوو ساڵە کەجی کێشەکەی نزیکەی 30 کیلۆ دەبێت....

ئەگەر زیاتر ورد بینەوە لەسار دەبینین سارا تا بلیی کەم قسە دەکات وە هەردەم هەست بە شەرم دەکات ئەو وەک دەڵێن لە گەرەکە کە کەس لە مندلان هاوریاتی ناکەت لە زەیەنب زیاتر سارا زۆر جار کە هاوری کانی پیی دەڵێن خەپە زۆر خەفەت دەخوات تا هەندێک جار لای دایکی وباوکی گتوێتی خۆم دەکوژم.... !



سارا زۆر حەز لە خواردن دەکات هەرجەندە دکتۆرەکان پێیان گتوە با تۆزێک خواردن کەم کاتەوە بەڵام وەک کاک عەباسی باوکی سارا دەلێت گرینگە لای من منداڵەکانم برسی نەبن وهیجیان بەسەر نەیەت هەرچەندە وەک ئەو دەفەرموێت کەوا زۆر جار دکتۆرەکان پێیان گۆتوە کەوا سارا مەترسی زۆری لەسەرە گەر جارەسەر نەکرێت... جونکە زۆر تەنگە نەفەسە!!!!

سەمیرە خانی دایکی سارا دەلێت زۆر جار کە سارا نەخۆش دەکەوێت زۆر لی دەترسین جونکە تابلێی تەنگە نەفەس دەبێت و ئازاری زۆر دەبێت لە جێگای خۆی ناتوانێت بجولێتەوە.... دایکی سارا لە لایەکی تر دەڵێت دکتۆرەکان پێیان وتوین گەر چارەسەری بۆ نەکەن ئەوا زیاتر قەلەو دەبێت و مەترسی خانکانی لێدەکریت...

سارا خۆی کاتێک ئێمە قسەمان لەگەل دایکی و باوکی دەکرد دەستە کانی پر بوو لە وردە بەردی بجوک ولە نێو دەستەکانی یاری پی دەکردن زۆر حەزمان کرد هەندێک قسەمان بۆ بکات بەڵام دایکی گوتی خۆی کجێکی کەم دوەو هەست بەشەرم دەکات وە زۆریش حەز دەکات بجێتە قوتابخانە جا نازانین جۆن جارەسەری ئەم وەزعەشی بۆ بکەین... جۆن بیبەین بۆ قوتابخانە!!!!

دایکی سارا دەلێت سارا زۆر خەم دەخوات کە پێی دەلێن خەپە... زۆر شەرم دەکات کە دەچینە شوێنێک.... زۆر سەیری ئەم لا ئەم لا دەکات تا کەس پێی پی نەکەنێت... ئەو دەلێت سارا حەز دەکات بچێتە پارکی شەهید سامی کەجی زۆر جار خەڵک لە دەورمان کۆ دەبنەوە... ساراش زۆر ئازار دەخوات و زۆرمان لێدەکات بگەرینەوە ماڵ... دایکی سارا دەلێت کیژۆلە بچکۆلەکەشم کە ناوی بوشرایە وەک سارایە ئەویش هەمان نەخۆشی هەیە وەک دەلێن هۆرمۆناتیان زۆرە.... زۆر زوو قەڵەو دەبن....

دایک و باوکی سارا ئاواتە خوازن هاوکاریان بکرێت و چارەسەرییەک بۆ نەخۆشیەکەیان بدۆزرێتەوە دوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەن هاوکاریان بکات تا بتوانن ئەم دوو کیژۆلە جوان وخنجیلانەیان لە مەترسی و پێش هاتەکانی ئەم نەخۆشیەیان رزگاربکەن.... ..

Rzgar77@hotmail. com